# پەیوەندی نێوان سیمانتیك و ڕەوانبێژی ( هاوبێژی و ڕەگەزدۆزی بە نموونە )

د. شیروان حوسێن حەمەد م.ی. همزە حسین حمە

وەزارتی پەروردە زانکۆی ڕا پەڕین

## پێشەکی

زۆرجار کە قسە لەسەر زمان و ئەدەب دەکرێت، پەرژینێکی هێندە قایم لەنێوانیاندا قووت دەکرێتەوە، وەك ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نەبێت، تەماشادەکرێن و هێندەی جیاوازییەکانیان زەق دەکرێتەوە، هاوبەشییەکانیان ناخرێتەڕوو. کەچی لە ڕاستیدا هێندە چڕژاونەتە ناو یەکتری کە دانان و جیاکردنەوەی سنووری نێوانیان کارێکی ئەستەم و نەبوو و نەکراویشە.

بەوردبووونەوە لە هەریەکەیان وەکو زانستێك، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە بڵێین، هەردووکیان دوو ڕووی دراوێکن، هیچیان بەبێ ئەوەی تریان ناتوانێت، ئەرکەکەی خۆی ڕاپەڕێنێ. ئەمەش وایکردووە، کە زۆرجار ناویان پێکەوە بێت، بەتایبەت کە دەوترێت زمان و ئەدەبی ....

دەستنیشانکردنی هەریەکێك لەو پەیوەندییانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی وردو کۆکردنەوەی داتای زۆرە بۆئەوەی ئەوانەی بە تیۆری دەوترێن، بە نموونەی گونجاو پشت ڕاست بکرێنەوە. ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە لەو پێناوەدا، لە ڕوانگەی لقێك لە زمانەوانی و زانستێك لە ئەدەبیاتناسیدا.

شیکردنەوەی دیاردەی هاوبێژی، لە سیمانتیکدا، وردبوونەوە لە هونەرێکی ڕەوانبێژی (ڕەگەزدۆزی)، پەیوەندی و هاوبەشی نێوان زمان و ئەدەب لەم ڕووەوە دەردەکەوێت، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان ناو ناوە (پەیوەندی نێوان سیمانتیك و ڕەوانبێژی (هاوبێژی و ڕەگەزدۆزی بەنموونە) بەسەر دوو بەشی سەرەکییدا دابەشکراوە، لە بەشی یەکەمدا بەوردی دیاردەی هاوبێژی و جۆرو هۆکارەکانی دروستبوونی ڕوون کراوەتەوە، لە بەشی دووەمیشدا، باسی ڕەگەزدۆزی و جۆرو چەشنەکانی کراوە، بەشێوەکی سەرەکی پشت بەدیوانی نالی بەستراوە، چونکە توانای داهێنانی زمان لای ئەم شاعیرە گەیشتۆتە لوتکە. بۆ شیکردنەوەو دیاریکردنی ئەو مەبەستەی کە لێکۆڵینەوەکەی لەپێناودا کراوە، پشت بە چەندین سەرچاوەی کوردی و بیانی بەستراوە، لەکۆتایدا لەڕێگەی پوختە و ئەنجامەوە ئەم پەیوەندییە لە چەند خاڵێکدا، خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

### ١- ١. هاوبێژی چییە؟

وشە بەتایبەتی‌و هەموو دانە زمانییەکان بەگشتی‌و لەڕووی واتاییەوە لە پەیوەندییەکی بەهێزدان. دەشێ ئەم پەیوەندییە لە ڕووی سینتاکسیەوە قسەی لەسەر بکرێت، زۆرجاریش لەڕووی واتاییەوە دەخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. ئەو پەیوەندییە لە زانستی زماندا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو بۆ گریکەکان دەگەڕێتەوە. چونکە ((دەتوانین زمان بە کۆمەڵە پەیوەندییەکی ئەندازەی بچوێنین کە دانەو ڕەگەزەکانیان لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزدان)) (مهدی مشکوە الدینی: ١٣٧٣: ٨٤). ئەم پەیوەندییە لەسەر دەستی سۆسێرەوە بۆ دوو بەشی سەرەکی جیاکرانەوە، کە (پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستوونییە) (فردیناندی سوسیر: ١٣٨٢: ١٧٦)، هەریەك لەم دوو جۆرە پەیوەندییە لە ڕێی چەند دیاردەیەکی زمانی‌و دانە جیاجیاکانی هەریەك لەئاستەکان پیشان دراون.

هاوبێژی کە دیاردەییەکی واتاییە، لە نێو پەیوەندی ئاسۆیی‌و دیاردەی هاوڕێیەتی خۆی دەبینێتەوە. کە بەو پەیوەندییە دەوترێت کە لە ڕێگەی فۆڕم‌و واتای وشەو هەر دانەیەکی زمانییەوە دروست دەبێت، کە دوو واتای جیاو دوور لەیەکتر لە فۆڕمێکدا باردەکرێن. کەواتە کە (دوو فۆڕم یان زیاتر کە هەر یەکەیان واتای جیاوازی هەبێت‌و مەرج نییە ئەم دوو فۆڕمە کە تەنیا وشە بێت، بەڵکو گیرەك‌و ڕستەو گرێش دەگرێتەوە) (صباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ٧)، کە دەتوانین بەم هێڵکارییە ڕوونی بکەینەوە:




کەواتە ئەو وشانەی دەبنە هاوبێژ ئەوانەن کە (کە بەخوێندنەوەو نووسین وەك یەك یەکن بەڵام بە واتا جیاوازن.) (محمد معروف فەتاح: ١٩٩٠: ١٧٠). وەکو:

ڕان.......... ڕان١: ئەندامی لەش

ڕان٢: مێگەل

مۆر........... مۆرا: مۆری فەرمانگە (تەبغە)

مۆر٢: ڕەنگ

ئاش.......... ئاش١: شوێنی هاڕینی دانەوێڵە

ئاش٢: چێشت، شێو

لە تۆمارکردنی ئەم جۆرە وشانە لەفەرهەنگدا، (بە دەروازەی فەرهەنگی جیاواز تۆمار دەکرێن، بۆئەوەی کە ئەمە پیشان بدرێت کە دوو وشەی جیاوازن، بە جیا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.) (کورش صفوی: ١٣٨٧: ١١١). ئەم تۆمارە جیاوازە فەرهەنگییە وابەستەیە بەوەی کە واتاکانیان لە یەکترییەوە دوورەو لەیەکترییەوە وەرنەگیراون.

هەریەك لە واتای وشە هاوبێژەکان هەندێجار هێندە لە یەکتریەوە دوورن کە سەربە بواری واتای جیاوازن، بەنموونە یەکێك لە واتاکانی وشەی (مۆر) سەر بە بواری واتای ڕەنگەکانەو واتاکەی تری سەر بە بواری کەلوپەلی فەرمانگەکانە، بەڵام یەك بنچینەیان هەیە.

ئەم دیاردە واتاییە گشتییەو لەهەموو زمانەکانی جیهاندا هەستی پێدەکرێت، بەڵام (ڕێژەکەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەو زمانانەدا زۆر هەست بە بوونی دەکرێت کە وشەی یەك بڕگەییان زۆرە وەك: زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی.) (عبدوالواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٠: ١٠٦)، ئەمەش بۆ دیاردەیەکی تر دەگەڕێتەوە لە نێو زمانانی دونیادا، ئەویش بوونی وشەی تاریك‌و ڕوونە، چونکە وەك هەست دەکرێت هاوبێژی زیاتر لە نێو وشە تاریکەکاندا هەیە. کە مەبەست لەو وشانەیە کە پەیوەندی نییە لە نێوان ناو و ناولێنراو پەیوەندییەکە لە خۆوەیە تەنیا ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەسەرە.

**١- ٢. جۆرەکانی هاوبێژی:**

ئەگەر بەوردی تەماشای هەموو ئەو وشانە بکەین کە پەیوەندی هاوبێژی لەنێوانیاندا هەیە هەموویان وەکو یەك نین، بۆیە زمانەوانان چەند جۆرێکیان جیاکردۆتەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ٢- ١. **هاوبێژی تەواو:** (ئەو وشانەن کە لە نووسین و وتندا وەکو یەکن،) (محەمەد معروف فتاح:١٩٩٠: ١٧٠)، بەڵام دەبێت واتایان جیاواز بێت. یان دەکرێت بڵێین کە (هەمان فۆرم‌و هەمان دەنگ) (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٦: ١٦٠)، بەڵام بە واتای جیاواز، کە هەمان مەرجی ڕەگەزدۆزی تەواوە، لە ڕەوانبێژیدا، وەکو:

ئاخ ............ ئاخ١: وشەی دەربڕی خەم‌و خەفەت

ئاخ٢: خاك

خەم........... خەم١: غەم‌و خەفەت

خەم٢: خوار، پێچ‌و لوول (من وەکو ماری سەر ئاگر خەم دەخۆم) (نالی: ٢٩٦).

دەم............ دەم١: زار

دەم٢: کات

شین............ شین١: گریانی بەکوڵ

شین٢: ڕەنگی شین

١- ٢- ٢. **هاوپیت:** ئەو جۆرە تەنها ئەو وشانە دەگرێتەوە (کە تەنها لەنووسیندا یەکن، بەڵام لە گۆکردندا جیاوازن، بۆ ئەم جیاوازی دەربڕینەش هێز ڕۆڵی سەرەکە دەبینێت.) (عبدوالواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٠: ١٠٦) ئەمەش زیاتر لە بەکارهێناندا واتاکان ڕوون دەبنەوە، وەك:

ماوە.............. ماوە١: نەمردووە

ماوە٢: کات

هەمانە........... هەمانە١: هەیتمان

هەمانە٢: هەمبان

١- ٢- ٣. **هاودەنگ:** بەو وشانە دەگوترێت کە (کە لە وتندا وەکو یەکن، بەڵام لە نووسیندا جیاوازن.) (محەمەد معروف فەتاح: ١٩٩٠: ١٧٠) ئەم جۆرەیان لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە لە زمانی کوردیدا بەرامبەر هەموو

دەنگێك پیتێك هەیە، بۆیە نووسینو خوێندنەوەی هەر وشەیەك وەكویەك دەبێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی و فارسیدا ئەم جۆرە بەرچاو دەكەوێت، مەرجی ئەم جۆرەیان ئەوەیە كە (دوو وشە یان زیاتر كە بەیەك شێوە نەنووسرێن، بەڵام هەمان گۆكردنیان هەبێت.) (كورش صفوی: ١٣٨٧: ١١٠) وەكو:

Knight سوارچاك

Night شەو

Write نوسین

Right ڕاست

Rite ڕێوڕسمی ئاینی

لە فارسیدا:

كرم......... كرم١: كرمی زەوی

كرم٢: بەخشش (كە بە كەرەم) دەخوێندرێتەوە

### ١- ٣. هۆكارەكانی دروستبوونی هاوبێژی:

كۆمەڵێك هۆكار كاردەكەنە سەر دروستبوونی دیاردەی هاوبێژی، كە دەتوانین گرنگترینیان لەمانەی خوارەوەدا پیشان بدەین:

١- بوونی زارو شێوەزار: ئەم هۆكارە زۆر كاریگەرە بۆ سەرهەڵدانو پەیدابوونی گەلێك دیاردەی واتایی وەكو هاوواتاو هاوبێژی، وەكو:

تەم............. تەم١: تۆم (كرمانجی ژوورو)

تەم٢: جووت (زاری لوڕ)

تەم٣: هەڵم (كرمانجی ناوەڕاست)(دارا حەمید محەمەد:٢٠١٠: ١٢٣)

مار............ مار١: گیانلەبەرێكی خشۆك

مار٢: ماڵ

٢- گۆڕانی دەنگسازی: هەندێجار لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگێك یان چەند دەنگێك وشەیەك لەگەڵ وشەیەكی تر لێك نزیك دەبنەوەو فۆڕمیان وەكو یەكی لێدێت، كەچی وشەكان بە واتای خۆیان دەمێننەوە، بۆیە دوو فۆڕم دەبن بەیەكو دوو واتا دەمێننەوە، وەكو:

ددان ← دان............ دان١: بەخشین

دان٢: ددان

دان٣: دانەوێڵە (بەتایبەت وەك خۆراكی باڵندە)

دووكەڵ ← دووكەر.... دووكەر١: دوو گوێدرێژ

دووكەر٢: دوكەڵ

٣- خواستنی وشەی بێگانە: ئەم ڕێگایە بە بەراورد لەگەڵ هاوواتاییدا، فۆڕمی هاوبێژیشی خستۆتەوە. (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩ب٢: ٤٨) ئەمە كاتێك ڕوودەدات كە وشەیەك لە زمانێكەوە دێتە ناو زمانی كوردی، بە هەمان واتای

خۆی، وشەیەکی تریش بەهەمان فۆڕم لەزمانەکەدا هەیە بە واتای دیکە، بۆیە دوو فۆڕم لێك دەدەن، دەبن بەیەكو هەریەکەشیان واتای خۆی ماوەتەوە، وەکو:

بئر: بیر.......... بیر١: ئەندێشە، فکر

بیر٢: بیری ئاو

تعنە: تانە...... تانە١: تانەو تەشەر

تانە٢: تارمایی

### ١- ٤. ڕۆڵی هاوبێژی لە زماندا:

هاوبێژی لەزماندا بە دیاردەیەکی قورس دادەنرێت، زۆرجار دەوترێت کە (بە هیچ جۆرێك پێویست نییە لە زماندا هەبێت، زمان دەتوانێت بێ وشەی هاوبێژیش ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، بەمشێوەیە زمان بەتواناتر دەبێت) (محەمەد مەعروف: ١٩٩٠: ١٧١) گرفتێکی دیکەی هاوبێژی ئەوەیە کە لەبەردەم فێرخوازانی زماندا ئاستەنگ دروست دەکات، چونکە بۆ فێربوونی زمان وا ئاسانترە کە هەر فۆڕمێك واتاییەکی، لێباربکرێت. چالاکی زمان کەم دەکاتەوە، هەروەها لە نووسیندا تەمومژی دروست دەکات (عبدواواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٠: ١٠٧)، چونکە لە ئاخاوتندا دەورووبەر تەمومژەکە ڕوون دەکاتەوە.

ڕێگایەکە بۆ ڕازاندنەوەو جوانکاری وشەئارایی لەزماندا بەتایبەت زمانی ئەدەبی، بەم پێیە هۆیەکە (بۆ یاریکردن بە وشە) (محەمەد معروف:١٩٩٠: ١٧١)، ئەمە زیاتر لە دەقی ئەدەبیدا بەکاردەهێرێت. چونکە (پەیوەندی شیعرییەت و زمانەوانی بە جۆرێك بەناویەکدا چووە، دەشێ زمانەوانی بەو پێیەی سەروکاری لەگەڵ هەریەك لە (ڕوانبێژیو ئێستاتیکا) هەیە، پێکەوە لە هەندێك ڕەهەندەوە ڕەفتار لەگەڵ شعرییەت بکەن، چونکە زمان هەندێجار، بەرگی هەریەك لە ئێستاتیکاو ڕەوانبێژی دەپۆشێ.) (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ٣٦) بەم پێیە جوانکردنو دەرخستنی وشەو دەستەواژەو پاشان ڕستەو تەواوی دەقەکە لە ئەنجامی بوونی زمانەوەیە، لە ڕووی دەرەوەی دەقیش هاوبێژ لە پێش هەموو دیاردەکەوەیە.

## بەشی دووەم

### ٢- ١. چەمك و پێناسەی ڕەگەزدۆزی:

ڕەگەزدۆزی یەکێکە لە هونەرە گرنگو دیارەکانی ڕەوانبێژی، لە کوردیدا جوانکاری پێدەڵێن، جوانکاریش خۆی دابەشی دوو بەشی سەرەکی کراوە:

- جوانکاری واتایی
- جوانکاری وشەیی

ڕەگەزدۆزی بەشێکی سەرەکی جوانکاری وشەیە، کە (لە لایەنی ئاوازەو مۆسیقای وشە دەکۆڵێتەوە زایەڵەو ئاوازەی وشەکان لە هەردوو ئاستی ئاسۆییو ستوونیدا بەیەکەوە دەبەستنەوە.) (عەزیز گەردی: ٢٠٠٥: ٧٦).

لەڕووی زاراوە، ڕەگەزدۆزی لە (جناس)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە (ڕەگەز) بە واتای ئەسڵو نەژاد دێتو (دۆزی) لە دۆزینەوەوە هاتووە. وای لێدێتەوە کە پێکەوە گونجاونو دۆستایەتی ڕەگەزی دوو وشە پێکەوە ئەدۆزیتەوەو پەیدای ئەکا. (علاءالدین سجادی: ١٩٨٦: ١٣٦).

وەك چۆن لە بەشی یەکەم زانیمان کە هاوبێژی پەیوەندییەکی واتاییە لەنێوان دوو وشەی هاوفۆڕم دروست دەبێت، بەهەمان شێوە ڕەگەزدۆزیش پەیوەندییەکە لە نێوان دوو وشە یان زیاتر لە دێڕە هۆنراوەیەك یان پەخشانێکدا هاتبن.

ئەم دیاردەیە بەوە دەناسرێتەوە کە، (چەند وشەیەکن لە شکڵدا (فۆڕم)، واتە (لە جۆرو ژمارەو ڕیزی پیتەکان) وەکو یەك بن یان لەیەکترەوە نزیك بن بەوەی کە تەنها یەك مەرجیان جیاواز بێت، بەڵام هەریەکەیان مانای سەربەخۆی هەبێت، چونکە ئەگەر وشەکان مانایان یەك بێت ڕەگەزدۆزی دروست نابێتو دەکەونە بەر هونەری دووبارە بوونەوە.) (عەزیز گەردی: ٢٠٠٥: ٨٢)، بەپێی ئەم پەێناسەی سەرەوە دەردەکەوێت کە هاوبێژی ئەو دیاردەییەی کە لە سیمانتیکدا باسی لێوە دەکرێت، لە زانستی ڕەوانبێژیدا پێی دەوترێت ڕەگەزدۆزی، هەروەك (کورش صفوی) ئاماژەی بۆ کردووە کە دەڵێت: هاودەنگو هاونووس (کە لەبەرامبەریان لە زمانی کوردی هاوبێژ دانراوە، چونکە وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە هاودەنگ لە کوردیدا نییە.) لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییدا بە (ڕەگەزدۆزی تەواو) ناودەبرێت. (کورش صفوی: ١٣٨٠: ٢٤٦) لێرەوە پەیوەندییەکە تەواو ڕوون دەبێتەوە.

## ٢- ٢. جۆر و مەرجەکانی دروستبوونی ڕەگەزدۆزی:

ڕەگەزدۆزی بە شێوەکی سەرەکی دابەشی دوو جۆر دەبێت، کە مەرجو تایبەتێتی جیایان دەکاتەوە، کە ئەمانەن:

**٢- ٢- ١. ڕەگەزدۆزی تەواو:** لەم جۆرەیاندا پێوستە وشەکان لە فۆڕمدا وەکو یەك بنو (بەئەندازەی موویەك جیاوازییان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت) (عەزیز گەردی: ١٩٧٥: ٧)، هەر ڕەگەزدۆزییەك بۆئەوەی بە تەواو دابنرێت پێویستە ئەم سێ مەرجەی تێدا بێت:

١- جۆری پیت

٢- ژمارەی پیت

٣- ڕیزی پیت، هەمان شت بن، وەك یەك بن. (عەزیز گەردی: ٢٠٠٥: ٨٢)، وەك لەم چەند نموونەیەدا دیارە:

<u>زارم</u> وەکو هیلالو نەحیفم وەکو خەیاڵ

ئایا دەکەومە <u>زارو</u> بەدڵدا دەکەم خوطور (نالی: ١٩٦).

زارا.......... لاوازو زەعیف

زار٢......... دەم

**ڕەگەزدۆزی تەواو بەپێی چەند تایبەتییەك دابەش دەبن، لەوانە:**

**أ- بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن: دوو جۆرن:**

١- **ڕەگەزدۆزی هاوڕەسەن:** (لەم جۆرەیاندا ئەو دوو وشەیەی کە ڕەگەزدۆزی لێدەکەوێتەوە هەردووکیان سەر بەیەك بەشە ئاخاوتن بن) (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ١٤٥)، واتە هەردووکیان ناو، یان ئاوڵناو بن..... هتد. وەکو:

بەوە چاکە کە چاکـــە بنوێنی

نەك بە غەمەوە خەڵك بنوێنی

بنوێنی١......... بەجەستەکردن، نیشاندان

بنوێنی٢......... بخەوێنی. هەردووکیان کارن

٢- ڕەگەزدۆزی تەبا: ئەو وشانەی کە ڕەگەزدۆزی دروست دەکەن، سەر بە بەشە ئاخاوتنی جیاواز دەبن، وەکو:

بۆ باخی مەردی باخی سەرمایەکەی خەزانی

بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری

باخ١.................باغچە (ناو)

باخ٢.................زۆردار (ئاوڵناو)

سەرمایە١.............ساردە (ئاوڵناو)

سەرمایە٢.............داهات (ناو)

**ب- بەپێی پێکهاتەی وشەکان: دابەش دەبێت بۆ ئەم جۆرانە:**

١- هەردوو وشەکە کە ڕەگەزدۆزییان دروستکردووە سادەبن:

صەریری جونبوشی تەختو مەحەففەی مەخمەڵیی سەوزی

دەڵێی تەسبیحی مورغانە، لەسەر تەختی سولەیمانە (نالی: ٤٩٩).

تەخت١............ تەختە

تەخت٢............ تەختی پاشایەتی.

٢- هەردوو وشەکە دەشێ نسادە بن. وەکو:

جانانی وەك جینان کردم بە ماوا

حەبیبەی (ماڵیاوا) ماڵی ئاوا (نالی: ١٣٢).

ماڵیاوا ١............ ناوی شوێن.

ماڵی ئاوا ٢......... ماڵی ئاوا بێ.

٣- دەشێ ئەو دوو وشەیە کە ڕەگەزدۆزییەکەیان دروست کردووە یەکێکیان سادەبێت ئەوەی تریان ناسادەبێت، وەکو:

دیدە عەینی جارییە، دڵ پڕ لەناری مووقەدە

ئابو تابی حوسن ئەدەم بە گولعوزاری مووقەدە (مەحوی: ٢٧٢).

مووقەدە١......... داگیرساو

مووقەدە٢........ قەدی باریك وەك موو

**ج- بەپێی ڕێنووسو چۆنیەتی نووسینی وشەکان: دابەش دەبن بۆ ئەم بەشانە:**

١- دەشێ نووسینی هەردوو وشەکە وەکو یەك بێت، وەکو:

زۆر سەگم دیوە فەقەت نەمدی ڕەقیبی هەندەسە

وەزعی نامەوزوون دەبێ وەك خانویی بێ هەندەسە (حاجی قادر: ٢٧٢).

هەندەسە١.......... ئەوەندە سەگ

هەندەسە٢.......... ئەندازە

٢- دەشێ نووسینی هەردوو وشەکە جیاواز بێت، وەکو:

ڕەقیبو موددەعی وەك پووشو پوشو

**بسوتێنین، كە وەك بەرقین، لەبەر ڤین (نالی: ٣٥٢).**

**بەرقین١.......... بروسكەو تیشك**

**بەرقین٢.......... لەبەر ڕقو كینە.**

**٢-٢- ٢. ڕەگەزدۆزی ناتەواو: ڕەگەزدۆزی دەبێت بە ناتەواو ئەگەر هاتوو، یەكێك لەمەرجەكانی ڕەگەزدۆزی تەواوی پەڕاند، واتە یەكێك لە سێ مەرجەكەی تێدا نەبوو، بەم پێیە دەكرێت، بە سێ جۆر، كە ئەمانەن:**

**أ- ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە ژمارە پیتدا: لەم جۆرەیاندا دەشێت، پیتێك زیاتر بێت، یان كەمتر بێت بەمەرجێك ئەوانی تر وەكو یەك بن، ئەمەش دابەش دەبێت بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:**

**١- پیتەكە لە سەرەتایی وشەكە زیادبێت، وەكو:**

**ئەو زەمانێ بوونە ئاردی نێو دڕك**

**پارەیەك ناكا دوسەد جار بێتە ڕك (حاجی قادر: ٢٠٧).**

**دڕك......... دڕكو داڵ**

**ڕك.......... ڕق**

**٢- پیتەكە لە ناوەڕاستی وشەكان زیادبێت، وەكو:**

**شێخم! وەرە دەر، فەصلی بەهارو گوڵو گەشتە**

**ئەییامی لە گەمابە خزان وەقتی خەزانە (نالی: ٤٧٩).**

**خزان............ خزانی حەمام**

**خەزان........... گەڵاڕێزان**

**٣- پیتەكە لە كۆتایی وشەكە زیادبێت. وەكو:**

**بۆ مەشقی عیشقی زولفی نیگار و نیگارشی**

**(نالی) لەخامەدا بووەتە شاهی تووڕ ڕەنوس (نالی:٢٤٠)**

**نیگار.............. وێنە**

**نیگارش........... نووسینو نەخش كردن**

**ب- ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری پیتدا، ئەمەش دەكرێت بە سێ جۆر:**

**١- پیتەكانی سەرەتا جیاواز بێت، وەكو:**

**بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام**

**بە زستان دڵ شكستەی بەردو سەرمـــام (نالی: ٢٦١)**

**جەستە............ لاشە**

**خەستە........... نەخۆشو هیلاك**

**٢- پێتەكانی ناوەڕاست جیاواز بێت، وەكو:**

**وادی بووە بەوادییی پڕ نوری (گور)ی (نار)**

**(نەعلین) لە پێ فڕێ بدە (نالی) بە (ئەیمەنی) (نالی:٦٦٦).**

**نور............ڕوناكی**

نار............ئاگر

٣- پیتەکانی کۆتایی جیاواز بێت، وەکو:

(<u>ناڵی</u>) مەپەلی حاڵی لە ئەشکەنجەییی غەمدا

وەك <u>ناڵە</u> لە نەیدا، وەکو ناله لە قەڵەمـــــدا (ناڵی: ٩٥).

ناڵی..............شاعیر

ناڵە...............هاوارو ناڵە

لەڕوویەکی دیکەوە، دەتوانیین، ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری پیتدا، بە جۆرێکی دیکە دابەش بکەین، ئەوانیش ئەمانەن:

١- دوو پیتە جیاوازەکان سازگەی دروستبوونیان لە یەك نزیك بێت، وەکو:

موژەت قوللابییە هەم تیرو هەم شیر

بروٚت میحرابییە هەم تاقو هەم جوت. (ناڵی: ١٤٩).

تیر........... تیری کەوان

شیر.......... شمشیر

(ت، ش) ئەو دوو دەنگە جیاوازنە کە سازگەی دروستبوونیان لێك نزیکن‌و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لە جۆری پیتدا دروستکردووە.

٢- دوو پیتە جیاوازەکان سازگەی دروستبوونیان لێك دوور بێت، وەکو:

ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە، یانە خۆ

هەر غاری یارە یا بووەتە غاری مارو مور (ناڵی:١٩٥)

یار...........دۆست

مار...........گیاندار ژەهراوی

هەردوو دەنگی (ی، م) سازگەی دروستبوونیان لەیەکتریەوە دوورن.

ج- **ناتەواوی لە ڕیزی پیتدا:** لەم جۆرە ڕەگەزدۆزییەدا، ژمارەو جۆری پیت وەکو یەکە تەنیا ڕیزبوونییان جیاوازە، دەگرێن، بە دوو جۆر:

١- سەرەو ریزبوونی پیتەکان هەموویان جیاوازبێت، کە (قلب کل)ی پێدەوترێت، وەکو:

خاترێکی <u>شۆخ</u>و <u>خۆش</u>و بێ خەم‌و جەمعەم هەبوو

ئێستە بۆ زوڵفی کەسێ مەشقی پەرێشانی دەکا (ناڵی: ١٠٤).

شۆخ.......... ساز

خۆش........ بەلەزەت

سەرەو ڕیزبوونی پیتەکان تەواو جیاوازە.

٢- بەشێك لە پیتە پێکهێنەرەکانی وشەکە سەرەو ڕیزبوونیان جیاواز بێت نەك هەمووی، کە (قلب جزء) پێدەوترێت، وەکو:

لە ڕۆما گەر <u>تەماعی</u> بێ <u>مەتاعی</u>

بەخۆڕایی بدەن هێشتا، گرانە (حاجی قادر: ١٢٩).

مەتاعی........کەل‌وپەل

تەماعی.........حەسودی

لەم دوو وشەیەدا (تەماعی، مەتاعی) بەشێك لە وشەکە سەرەو ڕیزبوونەکەی جیاوازە، بەشەکەی تری وەك خۆیەتی (مەتا) بووە بە (تەما).

## ٢- ٣. گرنگی ڕەگەزدۆزی لەدەقی ئەدەبییدا :

لە ڕووی زمانی دەقەوە گرنگی زۆری هەیە، بە جۆرێك کە (دەبینین شێوازی زمانی دەق بەهۆی تێپەڕینی ڕەگەزدۆزی بە نێویدا بەهێز دەبێ‌و لە نێو خۆیدا جۆرێك لە تەم‌ومژی بەرهەمدەهێنێ کە پەیوەندی بەقووڵبوونەوەی زمانەوە هەیەو جێ‌دەست‌و نەخشی نووسەر دەردەکەوێت تەرزو یاریپێکردن‌و هێنان‌و بردنی زمان لە سیمای دەقەکەدا هەست پێدەکرێت.) (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ١٤٢). هەروەك دەزانین، ڕەگەزدۆزی بە پایەیەکی سەرەکی جوانکاری دادەنرێت‌و ڕۆڵیکی سەرەکی دەگێڕێت لە دروستکردنی ڕیتمی ناوەوەی دەق. لە نێو هەر دەقێکی ئەدەبیشدا بە لادانێکی سەرەکی واتایی دەژمێردرێت.

دووبارەبوونەوە کە هونەرێکی سەرەکییەو شیعرییەتی هەر دەقێکی ئەدەبی زیاد دەکات بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو ئاستەکاندا لەنێو دەقدا دەبینرێت، ئەو دووبارە بوونەوەیەی کە ڕەگەزدۆزی دروستی دەکات بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەنگیی وشەکان، چونکە واتای وشەکان دووبارەنابێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاوازەو مۆسیقایکی خۆش بۆ هۆنراوەکە، لەڕووی واتاشەوە، سەرنجی وەرگر بۆلای خۆیەوە ڕادەکێشێت‌و دەبێتە جێگە هەڵوەستەکردن لەسەر هەردوو وشەکە لە ڕووی واتاوە، بەمەش بیری وەرگر کۆدەکاتەوە.

## پوختە و ئە نجام

لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەم دوو دیاردەیە کە بریتین لە (هاوبێژی و ڕەگەزدۆزی) دەگەینە چەندین ئەنجام‌و خاڵی سەرنجڕاکێش. گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوون:

١- ئەو دیاردەیەی لەسیمانتیکدا بە هاوبێژی ناودەبرێت‌و لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا بەکاردێت، دەبێتە بەشێك لە ڕەگەزدۆزی، کە بە ڕەگەزدۆزی تەواو ناودەبرێت، بەڵام ئەویان لە زمانی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت. بەمەش ئەڵقەیەکی گرنگ لە پەیوەندی نێوان ڕەوانبێژی‌و سیمانتیکدا دروست دەبێت.

٢- دیاردەی هاوبێژی لەزمانی ئاساییدا، دەبێتە بارگرانی بەسەر زمانەوەو زمان بەرەو قورسی فێربوون دەبات‌و لێڵی دروست دەکات، بەڵام کاتێك چووە زمانی ئەدەبییەوە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروستکردنی جوانکاری وشەیی‌و شیعرییەتی هەر دەقێکی ئەدەبی زیاتر دەکات. بەم پێیە ڕۆڵی گرنگی هاوبێژی لە زمانی ئەدەبدا دەردەکەوێت.

٣- ڕێژەی بوونی هاوبێژی لە زمانی کوردیدا، لە ئاستی ناوەند دایە، چونکە ئەم زمانە خاوەنی وشەی تاریکەو چەندین دیالێکتی هەیە، هەروەها لە ئەدەبی کلاسیکدا زۆر بەرچاو دەکەوێت، چونکە وشەی غەریری کوردی تێدایە. هەروەها بوونی ڕەگەزدۆزی لە هۆنراوەی کوردیدا بەڕێژەیەکی بەرفراوان بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی

لای نالی هەموو جۆرو چەشنەکانی دەبینرێت. کەمو زۆریشی لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی تر پەیوەستە بە توانای داهێنانی زمانیی لای ئەو شاعیرە، چونکە یەکێکە لە ڕێگاکانی وشەئارایی لە هۆنراوەدا.

٤- جگە لەم ئەلقەیە چەندین ڕێگەی دیکە هەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان ڕەوانبێژیو سیمانتیکدا هەن، بەڕادەیەك کە هەندێ لە زمانەوانان لەو بڕوایەدان کە ڕەوانبێژی بەشێك بێت لە زمانەوانی.

## سەرچاوەکان


### بە زمانی کوردی:

١- دارا حەمید محەمەد (٢٠١٠)، واتاسازی، هەندێ لایەن لە سیمانتیك‌و پراگماتیکی کوردی، چاپی یەکەم، ، سلێمانی.

٢- سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٦)، لێڵی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٣)، هەولێر.

٣- صباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە(گیرەك)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤- عەزیز گەردی (١٩٧٥)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا(جوانکاری)، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

٥- عەزیز گەردی (٢٠٠٥)، ڕەوانبێژی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئارام، بەغداد.

٦- عبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠)، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٧- علاء الدین سجادی (١٩٨٦)، خۆشخوانی، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.

٨- کەریم شارەزا و سەردار میران (١٩٨٦)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغداد.

٩- مەلا عبدالکریمی مدرس‌و فاتح عبدالکریم (١٣٨٠) هەتاوی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی بلاوکەرەوەی کوردستان، سنە.

١٠- مەلا عبدالکریمی مدرس‌و محەمەدی مەلا کریم (١٩٧٧)، دیوانی مەحوی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

١١- محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩)، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، چاپخانەی پێوەند، زانکۆی سلێمانی، بەرگی دووەم، سلێمانی.

١٢- محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٣- هێمن عومەر خۆشناو (٢٠١٠)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

### بە زمانی فارسی:

١٤- فردیناندی سوسیر (١٣٨٢)، دوره‌ء زبان شانسی عمومی، ترجمه: کورش صفوی، چاپ دوم، انتشارات هرمس، تهران.

١٥- کورش صفوی (١٣٨٠)، گفتارهایی در زبانشناسی، چاپ اول، انتشارت هرمس، تهران.

١٦- کورش صفوی (١٣٨٧)، در امدی بر معنی شناسی، چاپ سوم، انتشارات سوره‌مهر، تهران.

١٧- مهدی مشکوه الدینی، (١٣٧٣) سیر زبانشناسی، انتشارات دانیشگاه فردوسی (مشهد)، چاپخانه دانشگاه فردوسی (مشهد)، چاپ اول، مشهد.

**الملخص**

البحث عند العلاقة بين اللغة والادب، جزء من علم اللسانيات ولادبيات الجديدة، و هذا البحث معاول من اجل ذلك، في هذا البحث يتحدث عن علاقة بين الدلالة والبلاغة بشكل عام و يحاول بشكل خاص: البحث عن المشترك اللفظي في مجال الدلالة، كظاهرة لغوية، وظاهرة الجناس في المجال البلاغة كظاهرة ادبية وفي الحقيقية كلتاهما ظاهرة واحدة في مجال مختلف.

وينقسم البحث على قسمين: في القسم الاول: تحدث عن المشترك اللفظي و انواعه و اسباب نشوءه، و في القسم الثانى: تحدث عن الجناس و انواعه و اهمية الجناس في النص الادبي.

و في الختام: عرض يحملة من النتائج لعلاقة بين هاتين الظاهرتين.

## Abstract

This study is an attempt to discuss the stylistics which is a new branch of science dealing with the relation between literature and linguistics. This study shows the relation between semantics and figures of speech, it tackles synonymy in the field of semantics and pun in the field of the figures of speech in particular. However, they are same in two different fields.

This study falls in to two sections: the first section sheds light on synonymy, types of synonymy, and the reasons of the development of synonymy. The second section deals with pun, types of pun, and the importance of pun in the literary texts. Finally, there are some concluding points to introduce the relation between these two phenomena.